# وەزارەتی خوێندنی باڵاو گەندەڵی



**ئەحمەد محەمەد ئابلاخی***

ئەگەر کارو ئەرکی ڕۆشنبیران‌و ڕۆژنامەنووسان‌و بەرپرسانی مشورخۆری ئایندەی کوردستان ئەوە بێت دەست بخرێتە سەر کرۆکی برینەکان‌و ئاشکراکردنی گەندەڵییەکانی دام‌و دەزگاکانی حکومەت بەمەبەستی چارەسەرکردن‌و ئاڕاستەکردن، ئەوا لەپێش هەموو ئەو دام‌و دەزگایانەوە وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان دێت، چونکە ترسناکیەکە لەوەدایە کەئەم وەزارەتە ئەرکی پێگەیاندنی کادری زانستی‌و زاناکانی دوا ڕۆژی ئەم کوردستانەی لەئەستۆیە، کەئەویش بەئاڕاستەیەکی خراپدا ڕۆیشت ئەوا کەلاوەیەك ئەخاتەوەو میللەتێکی ناهۆشیارو ناڕۆشنبیر پێك دەهێنێ کەلەئایندەیەکی نزیکدا چاوەڕوانی ئەوە ئەکرێت نەك تەنها پزیشك‌و فەیلەسوف‌و شارەزامان هەبێت بەڵکو ئەبێ بر برین پێچێکی شارەزاو مامۆستایەکی مۆدرێن‌و خزمەتچییەکی ئوتێلیش روو لەدەرەوەی وڵات بکەین‌و وەك هەر ئامێرێکی کارەبایی ئیستراديان بکەین، میللەتی ناڕۆشنبیریش بەرەو بڕانەوەو یەکتری خواردن‌و یەکتری لەبن هێنان ئەڕۆن، وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێم ئێستاش بەئەقڵیەتی سەردەمی سەدام‌و ئەقڵی پاوانخوازی ئەڕۆن بەڕێوە، لەم سەردەمەی ئێستاداو خواستەکانی دەوڵەتی علمانی‌و دیموکراسی‌و کرانەوەی بازاڕ وەك هەر وڵاتێکی جیهان روو لەوەیە کەکەرتی تایبەت شوێنی زۆر لەو کەرتە حکومیانە بگرێتەوە کەحکومەت خۆی توانای بەڕێوەبردنی نییە، ئەوەتا کارەبا بۆ ماوەی ١٥ ساڵە چارەسەری بەحکومەت نەکراوە، ئەوەتا وەزارەتی پیشەسازی کەزانی لەتوانای خۆیدا نییە کەرتە بەرهەمهێنەرەکان ببات بەڕێوە وا کارگە گەورەکانی وەك چیمەنتۆو جل‌و بەرگ‌و جگەرەو لەقوتوکردن دەسپێرێت بەکەرتی تایبەت‌و چەندین لەو پرۆژانە لەسەر دەستی دەوڵەمەندەکانی وڵاتەکەمان‌و کۆمپانیا بێگانەکاندا بوژاونەتەوەو لەوە باشتر کە هەر بەکەلاوەیی بمێننەوە، بەڵام وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێم وێڕای ئەوەی کەخۆی نەکەرەسەکانی خوێندنی وەك سەرچاوە زانستییەکان‌و هۆکارەکانی خوێندن هەر لەزانستی ئەلکترۆنیك‌و سەرچاوەی کتێب‌و کەرەسەکانی تاقیگەکان تا ئەگاتە مامۆستای بەتواناو بینای گونجاو هیچی نییەو هیچیشی پێ دابین ناکرێت، بەڵام ڕێگرە لەبەردەم ئەو زانکۆیانەی ئەیانەوێ لێرە حەرەمی زانکۆ بکەنەوەو مامۆستای بەتواناو کەرەسەی پێویست بهێنن‌و ئاستی زانستی خوێندن لەم وڵاتە بەرز بکەنەوە، ئەوە زانکۆی ئایندەیان داخست، ئەوە زانکۆی ئەمریکی

هەر ڕێگرن لەبەردەمیا، ئەوە زانکۆی سانت کلیمنتس هەر خەریکی ئەوەن لەمپەری بۆ دروست بکەن، ئەمەش هەمووی هۆکارەکانی ئاشکرایە کەمن لێرەدا هەندێکیان ئەژمێرم:

١. لاسایی کردنەوەیەکی ڕژێمی بەعسە بەکاری پاوانخوازیو هەموو شت هەر لەدەستی دەوڵەتدا بمێنێتەوە.

٢. دەیانەوێ ئەو زانکۆیانە بەهاوبەشی خۆیان دروست ببێ، واتە هەر زانکۆیەو چەند بەرپرسێك بەشی تیایدا هەبێت یان ئەوەتا ئەمانە قەدەغە بکەن بۆ ئەوەی خۆیان لەو جۆرە زانکۆیانە دروست بکەن، ئەوەتا باس لەوە ئەکرێت کەکۆمپانیای جیهان کەکۆمپانیایەکی بەڵێندەرایەتی ئیشوکاری عمرانییە مۆڵەتی کردنەوەی زانکۆی پێدراوە چونکە کۆمپانیای لایەنێکی حزبیو چەند بەرپرسێکی حزبیو حکومییە.

٣. دەیانەوێ کاری خوێندکار وەرگرتنو بەخشینی بڕوانامە هەر لەدەستی خۆیاندا بێت بۆ ئەوەی سەدامەکانو عودەیو قوسەیەکان بەقبوڵ خاص لەو زانکۆیانە وەربگیرێنو سەدان کوڕی هەژاری ئەم وڵاتە لەخوێندنی باڵای ماجستێرو دکتۆرا بێ بەری بکرێن بەبیانووی تەمەنو نمرە کەهیچی بۆ قبوڵ خاصەکان ڕەچاو ناکرێت.

چەند ڕوویەکی ئاشکرای دزێوی تری ئەم وەزارەتە کەئەمانیش وێڕای ئەو خاڵانەی سەرەوە هەر دیاردەی گەندەڵین ئەمانەن:

١. یەکێك لەمەرجەکانی تعادل کردنی بڕوانامەی دکتۆرای ئەو بەڕێزانەی لەدەرەوەی وڵات خوێندویانە مەرجی (ئقامەیە) کەئەو دکتۆرە هەیبێت، زۆر مەرجێکی سەیرو شایانی گاڵتە پێکردنە یانی ئەگەر دکتۆرایەکی بەڕێزێك لەزانکۆی (سانت کلیمنتس) لەدەرەوەی عێراق هی بەڕێزێك بێت کەلەگەڵیا بەڵگەنامەی ئقامەکەی پێشکەش بکات ئەوا بەرامبەر ئەکرێتەوە بەدکتۆرای زانکۆیەکی عێراق، بەڵام هەمان هەر هەمان بڕوانامەی دکتۆرایەك لەهەمان زانکۆ ئەگەر لەعێراق هێنابێتیو ئقامەی نەبێت ئەوا بەرامبەر ناکرێتەوە، ئەمەیە بانێكو دوو هەوا، بەڵام بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان ئەو مەرجەش بەقەڵەمی ڕەساس نووسراوەو بەئاسانی بەستیکی وەزیری خوێندنی باڵا ئەکوژێتەوە، ئەوەتا سەرۆکی زانکۆی دهۆك ئەو مەرجەی بۆ لابراو بڕوانامەکەی قبوڵ کرا..

٢. زانکۆی سانت کلیمنتس کەزانکۆیەکە لەزۆربەی شارەکانی عێراقو لەکوردستانیش لقی کراوەتەوە، پرۆگرامی ئەم زانکۆیە لەسەدا سەد پرۆگرامی زانکۆکانی عێراقەو بگرە قورستریش، هەر لێرە دکتۆرەکانی زانکۆکانی سلێمانیو سەلاحەدین موحازەرەکان دەڵێنەوەو پرۆسەی وەرگرتنو تاقیکردنەوەکانیش هەمان مەرجەکانی زانکۆکانی سلێمانیو سەلاحەدینە جگە لەمەرجی تەمەنو نمرەو تاقیکردنەوەش بەئامادەبوونە لەهۆڵی تاقیکردنەوەو بەسەرپەرشتی دکتۆرەکانی زانکۆکانی سلێمانیو سەلاحەدین، بەڵام لەبەرئەوەی بەرپرسی لقەکانی ئەو زانکۆیە کەسانی حزبی نینو حزبو حکومەت شەریکە قازانجی ئەو زانکۆیە نین ئەوەتا لەمپەریان لەبەردەم دائەنرێت.

لەکۆتاییدا ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کەمەرجی پێویست لەڕووی زانستیەوە بۆ ئەو زانکۆیانە کارێکی دروستە بۆ پاراستنی ئاستی زانستی خوێندکاران‌و دەرچووانی ئەو زانکۆیانە لەڕۆڵەی ئەم گەلە، بەڵام بیانووی تر مەدۆزنەوە بۆ رێگە گرتنیان چونکە ئەمانە جێگەی هیوای هەزاران رۆڵەی ئەم گەلەیە کەلەسایەی قبوڵ خاصەکانی ئێوەوە لەو خوێندنە بێبەش بوون، وەزارەتی خوێندنی باڵا پێویستی بەبەخۆدا چوونەوەیەو دەزگا بەرزەکانی سەروو ئەو وەزارەتەش وەك ئەنجومەنی وەزیران‌و پەرلەمانی کوردستان پێویستە چارەسەری گەندەڵییەکانی ئەو وەزارەتە بکەن.

*سەرنوسەری رۆژنامەی رۆژانەی سلێمانی